

هزر

# قەدەغە قەدەغەیە

## دروشم و داواکارییەکانی شۆڕشی ئایاری 68ی فەڕەنسا

ئامادەکردنی: هوشیار ئەنوەر

jineftin.krd

هزر
ماڵپەڕی ژنەفتن ٢٠٢١
jineftin.krd

## بەرایی:

بە دیاریکراوی لە ڕۆژی ٦/٥/ ١٩٦٨زیاتر لە بیست هەزار خوێندکاری زانکۆکانی فەرەنسا لە پاریسی پایتەخت کۆبوونەوە و ڕێپێوانێکی نارەزایەتییان دەست پێ کرد لە دژی نادادی و خراپ بەڕێوەبردنی وەرگرتنی خوێندکاران لە زانکۆکانی فەرەنسا، بەڵام دەستتێوەردانی پۆلیس بە شێوەیەکی توندوتیژ بۆ بڵاوەپێکردنی ڕێپێوانەکە کاردانەوەی زیاتری خوێنکارانی لێکەوتەوە و لە ڕۆژانی دواتر ڕێپێوانەکە بوو بە خۆپیشاندان و وردە وردە هەموو چین و توێژەکانی فەرەنسای لە خۆی گرت بە تایبەتی چینی کرێکاراران، ئیدی گرژی و پشێوییەکی هەڵشەیی و خۆپیشاندانی زۆرتری بێ بەرنامەی سەرتاسەریی بەدواداهات و هەموو فەرەنسای گرتەوە کە ماوەی (٤٢) ڕۆژی خایاند، بە ڕادەیەک چارەنووسی دەوڵەتی فەرەنسی حکومەتەکەی بکەوێتەبەر لەناوچوون و جەنگی ناوخۆ دروست بێت، تەنانەت (شارڵ دو گول)ی سەرۆک کۆماری ئەوکاتەی فەرەنسا بە دزییەوە ڕایکرد بۆ ئەڵمانیا.

ئەم خۆپیشاندانانە کە بە ڕووداوەکانی ئایاری ١٩٦٨ ناسراوە کاریگەری مەزنی لەسەر هەموو بزووتنەوە خوێندکاری وکرێکارییەکانی جیهان دانا.

***

لە سەرەتای مانگی پێنجی ساڵی ١٩٦٨، کۆمەڵێک گرژیی مەدەنی کەوتە نێو شارەکانی فەرەنساوە کە نزیکەی حەوت هەفتەی خایاند، لەو ماوەیەدا خۆپیشاندان و مانگرتنێکی زۆر لە زانکۆ و کارگەکان بەڕێوەچوو، کە بووە هۆی وەستانی جوڵەی ئابووریی فەرەنسا، ئەو خۆپیشاندانانە لە فەرهەنگی سیاسیدا بە (ڕووداوەکانی مایۆ) ناسرا و بە ڕادەیەک فراوان و بەهێز بوو کە سەرۆکە سیاسییەکانی فەرەنسای تۆقاند لەوەی کە دەشێت خۆپیشاندانەکان پەرەبسێنن بۆ شۆڕش و جەنگی ناوخۆیی لە فەرەنسا دەست پێ بکات، بەم هۆیەشەوە دوای ڕاکردنی سەرۆکی فەرەنسا (شارڵ دو گول) بۆ وڵاتی ئەڵمانیای ڕۆژئاوای ئەوکات، حکومەتی نیشتمانی فەرەنسی بۆ ماوەیەکی کاتی لە کار کەوت و ئیدی ئەم خۆپیشاندان و نارەزایەتییانە بووە هاندانێک بۆ هەموو بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی تری جیهان و دروشم و پۆستەر و گۆرانی و چالاکییە هونەرەکانیشی بە جیهاندا بڵاو بووەوە.

ســـــەرەتا گرژییەکان بە هۆی زنجیرەیەک مانگرتنی خوێندکارانی زانکۆکان لە دژی سیستمی سەرمایەداری و کەڵکەڵەی بەرخۆری و ئیستیهلاکی و ئیمپریالیزمی ئەمەریکی و دامەزراوە تەقلیدییەکان دەستی پێ کرد، بەڵام سەرکوتکردنی توندوتیژانەی پۆلیس بۆ ئەو مـانگرتنـانە بووە هۆی ئەوەی کە یەکێتیی ســـەنـدیکـای کرێکـاران بچێتە پـاڵ داواکارییەکانی خوێندکاران و بەمەش خۆپیشـاندانەکان هێندەی تر پەرەیان سـەند و کار گەیشـــتە ئەوەی کە یانزە ملیۆن کرێکار بەشــــدارییان تێدا کرد واتە لە ٢٢٪ کۆی هاووڵاتییانی فەرەنسا لەو کاتەدا.

بەڵام، بزووتنەوەکە ڕێکخســـتنێکی هەڵەشـــە و ناجێگیری نامەرکەزی هەبوو لە لایەن کرێکارانی یەککگرتووی ســـەربەخۆ کە نەدەچوونە ژێر ڕکێفی هیچ ســـەرۆکێک، ئەمەش بووە هۆی جیاوازی و ناکۆکی لەنێوان ســـەندیکا کرێکارییەکان و حیزبە چەپەکان، ئەوە گەورەترین مانگگرتن بوو لە هەموو مێژوویی دەوڵەتی فەرەنســـادا و یەکەم مانگگرتنی سەرتاسەریی کرێکارانی یەککگرتووی سەربەخۆ بوو لەسەر ئاستی وڵاتەکە.

نارەزایەتییەکانی خوێندکاران و مانگرتنە سـەرتاسـەرییەکان بە سـەرکوتکارییەکی بەهێز لە لایەن کاربەدەستانی زانکۆکان و پۆلیس و هێزەکانی ئەو وڵاتەوە مامەڵەکران.

هەوڵەکانی حکومەتەکەی (دو گول) بۆ ئارامکردنەوەی دۆخەکە بە پشت بەستن بە هێزی پۆلیســـی دژە ئاژاوە هێندەی تر دۆخەکەی خراپتر کرد و بووە هۆی دروســـتبوونی پێکدادان لەنێوان خوێندکاران و پۆلیس لە هەموو شـــەقامەکانی پاریســـدا بە تایبەتی لە گەڕەکی (لاتین)دا.

ڕێکاری ڕووداوکان لە کۆتاییەکانی مانگی پێنجدا گۆڕانکاری بەســـەر هات و بەهۆی چەند ڕێککەوتنێک کە لەنێوان حکومەت و خوێندکاران و سـەندیکای کرێکاران کرا کە بە ڕێککەوتنەکانی (گرۆنێل) ناســـراوە لە ٥/٢٧/ ١٩٦٨ واژۆ کرا، تیایدا کرێکارەکان بە ڕادەیەکی باش کرێکانیان زیادی کرد.

بەڵام (یەکێتیی دیموکراتخوازان لە پێنـاو کۆمـاری)دا کە حیزبەکەی (دو غول)ە لە خۆپیشـــاندانێکی پێچەوانەدا لە ڕۆژی ١٩٦٨/٥/٢٩ لە ناوەڕاســـتی پاریس کردیان و متمـانەیـان بۆ ســـەرۆک (دو گول) گەڕاندەوە، تـا بتوانێت پەرلەمـانی فەرەنســـی هەڵبوەشێنێتەوە و بانگەشە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی بکات لە ٦/٢٣ ی هەمان ساڵدا.

ئیدی دوای ئەم ڕێککەوتە ڕادەی گرژییەکان بە هەمان ڕادەی خێرایی دەســـتپێکردنیان خاو بوونەوە و کرێکارەکان چوونەوە سەر کارەکانی خۆیان و حیزبەکەی (دو گول)یش لە دوای هەڵبژاردنەکان بەهێزتر بوو.

کاریگەری ڕووداوکانی ١٩٦٨ تا ماوەیەکی زۆر لەسەر کۆمەڵگەی فەرەنسی دیار بوون، ئەو مـاوەیە بە خـاڵی  گۆڕانکـاریی کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی لە مێژووی

وڵاتەکە دیاریکراوە و تەنانەت یەکێک لە سەرۆکەکانی خۆپیشاندانەکان کە ناوی (گیمار) ە دەڵێت: "خۆپیشاندانەکان شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بوو نەک سیاسی".

لێرەوە ئەو لادانە فیکرییە دەستی پێ کرد کە ناوی دەبەین بە (پۆست بونیادگەری) کە ڕاستەوخۆ ڕابەرایەتی (خود)ی هەڵوەشاندنەوە و دیکۆنسترەکتی مەدلول و مانای کرد و یاری بە دەلالەتەکان کرد و سەنتەریزمی لەناو برد و بەیانی مەرگی مرۆڤی دەرکرد.

خۆپیشاندانەکانی خوێندکارانی ١٩٦٨ شۆکێکی کولتووری مەزن بوو کە بووە هۆی لێپرسینەوە لە فەلسەفەکانی (بوونگەرایی، مارکسیزم و فەلسەفە مرۆیی وعەقڵانییەکان بەیەکەوە).

پۆست بونیادگەری ئەو کەلەپوورەیە کە ئێستا گەیشتوتە ئێمە و بەهۆیەوە چەمکی مەعریفی نوێی داهێناوە وەک ( پۆست مرۆڤگەری، ترانس هیومانیزم، واتە دوورتر لە مرۆڤ، یاخود ئەو مرۆڤە پەرەسەندووەی کە بە نیازی نەمرییە)، سایبۆرگ (واتە ئەو مرۆڤەی کە بەشێکی جەستەی ڕۆبۆتە)، کە لە هەندێک دروشمی خوێندکارانی فەرەنسای ساڵی ١٩٦٨ دەگوترایەوە.

کارێکی سەختە کۆکردنەوەی هەموو دروشمەکانی ئەو ساڵە کە بزووتنەوەی خوێندکاران و کرێکارانی فەرەنسا لەسەر قوماش و پالێت و دیوارەکان دەیاننووسی، چونکە سەرەڕای گەورەیی و فراوانی بزووتنەوەکە بەڵام خۆرسکانە بوو، هەڵەشەیی و بێ بەرنامە بوو هەروەها ئەو دروشمانەش کە لە دوو سێ ساڵی دوای کۆتاییهاتنی خۆپیشاندانەکان هەر دەخرانە سەر بزووتنەوەکە.

لێرەدا زۆرینەی دروشمەکان دەکەینە کوردی؛ دروشمەکان وەک دەبینن بەشێکیان وتەی فەیلەسوف و نووسەر و شاعیرەکانە و، هەندێ جار بەرپرچدانەوەی وتە و باوەڕی نووسەر و فەیلەسوفەکانیشە.

**بەشی یەکەم لە دروشمەکان:**

- بڕووخێت کەوڵەکۆنی ستالینیزم.

- بڕووخێت کۆمەڵگەی بەرخۆر.

- بڕووخێت کۆمەڵگەی نمایش و بازرگانی.

- بڕووخێت ڕیالیزمی سۆشیالی.

- بژی سوریالیزم.

- بڕووخێن ڕۆژنامەنووسان و بەڕێوەبەرەکانیان.

- بڕووخێت دەوڵەت.

- بڕووخێت سادەکاری.

- بژی ئەو شتانەی  زوو کۆتاییان دێت. [واتا: شتەکان لەسەر یەک فۆرم نەمێننەوە].

- بژین لاوانی مارکسی ڕەشبین.

- بژی یەکێتیی کرێکارانی جیهانی.

- بڕووخێت جیهان و دنیای کۆن.

- بڕووخێت کوتلە پەرلەمانییەکان، زیرەکی لایەنگری بۆرجوازەکانە و ئەفراندن لایەنگری جەماوەرە ئیدی دەنگ مەدەن بە هەڵبژاردنەکان.

- بڕووخێت کۆمەڵگەی چینایەتی.

- کردەوە نابێت کاردانەوە بێت، بەڵکو دەبێت ئەفراندن بێت.

- دەبێت کردەوە، جیاوازییەکان وەلانێت و چارەسەرەکان بدۆزێتەوە.

- ئەوەی کە جەخت لەسەر شتەکان دەکاتەوە دەستدرێژیکەرە.

- ئەوەی سەرکوتکاری دەکات دەستدرێژیکەرە.

- سێکس بکەن و یەکترتان خۆش بوێت.

- مەی خراپە، ئێل ئێس دی[مادەیەکی هۆشبەرە] باشە.

- چاخی زێڕین ئەو چاخە بوو کە تیایدا زێڕ حوکمی نەدەکرد، هەمیشە زێڕ لە پیسییەوە دێت.

– کاتێک سیاسییەکان بڕیاری لێخۆشبوون دەردەکەن بۆ ئەوەیە کە تاوانی فەرمانڕەواکانی پێ بشارنەوە.

– دەوڵەت سزای ئەو لادەر و پیاو خراپانە نادات کە سزاکەیان تێچووی زۆری دەوێت.

– ئانارشی منم.

– ئەگەر خوێندکار لە هەموو بوارەکاندا خۆی بە خەباتگێڕ بزانێت، خوێندکارێکی بێ توانایە.

– ئەوکاتە ڕەخنە چەکە، کە ڕەخنە لە چەک بگرێت.

– جیهان بوەستێنن، دەمەوێت دابەزم.

– هونەر مرد، تەنانەت "**گۆدار**"[1]یش هیچی پێ ناکرێت.

– هونەر مرد ئیدی با ژیانی ڕۆژانەمان ئازاد بکەین.

– هونەر مرد لاشەکەی مەخۆن.

– ئاگاداربن هەڵپەرستەکان لە پێستی سۆشیالیزمدا خۆیان دەردەخەن.

– "ئاگاداربن، گەمژەکان دەوریان داوین با زوو بەرپەرچی نمایشی درۆزنەکان بدەینەوە".

(لە "**ئەندرێ بریتۆن**"[2]ەوە سرووودێک بۆ "**شارل فۆرییە**")[3].

– بەڕێوەبەریتی خۆسەر بۆ ژیانی ڕۆژانە.

– جاران خاش خاش[4]مان هەبوو ئێستا شۆستەکان.

– پێش ئەوەی بنووسن فێری بیرکردنەوە بن.

---

[1] ژان لۆك گۆدار، دەرهێنەرێکی سینەمایی فەرەنسییە بە یەکێك لە دامەزرێنەرانی تەوژمی نوێی سینەمای فەرەنسی دادەنرێت.

[2] ئەندرێ بریتۆن نووسەر و شاعیرێکی فەرەنسییە و دژی فاشیزم بووە و یەکێکە لە دامەزرێنەری ڕێبازی سوریالیزمە

[3] شارل فۆرییە، فەیلەسوفێکی بواری ئابووریی فەرەنسییە و بڕوای بە سۆشیالیزم هەبووە.

[4] خاش خاش گیایەکە بۆ خەو باشە، مەبەست ئەوەیە جاران خەوتبووین ئێستا بەئاگاین

- چاکەتی چەرم بۆ فرۆشـــتن تایبەتە بە خۆپیشـــاندان، گرەنتی دژە پۆلیس نرخی ١٠٠ فرەنک.

- ببنە خاوەن فیکر.

- لەناو خۆتاندا سێکس بکەن باشترە لەوەی ئەوان لاقەتان بکەن.

- چەپڵە لێ مەدەن، نمایشی درۆینە زۆر بووە.

- بەرد و بلۆک شەقام دەگرن، بەڵام ڕێ دەکەنەوە.

-پەروەردە بە دار[هەڕەشە] نابێت، دار تەنها کەمتەرخەمی دروست دەکات.

- چەند جوانە ژیان لە دژی مانەوە. [واتە؛ مەژی بۆ مانەوە بژی بۆ گۆڕان]

- ڕەنگی شین هەر ڕەساسی دەنوێنێت ئەگەر سەرلەنوێ دروستی نەکەینەوە.

- دڵخۆشی بیرۆکەیەکی نوێیە.

- سەرۆکێکی باش و شیرینمان دەبێت ئەگەر هەریەک لە ئێمە سەرۆکی خۆمان بین.

- ئیشی بۆرژوازیەت تەنها ڕیسواکردنی مرۆڤە.

- هەڤاڵان ڕۆژی پێنج سەعات بنوون پێویستمان بە ئێوەیە بۆ ئەم شۆڕشە.

- هەڤاڵان سیخوڕەکان لاقە بکەن.

- هەڤاڵان با "سیجی"[٥] لە سێدارە بدەین.

- تەنازولێکی کەم واتە خۆ بەدەستەوەدانێکی زۆر.

- میرات کردن مەترســـیدارە، ئێمە هەر ژێری بـاو باپیرمـان میرات نەکردووە بەڵکو گەمژەییەکانیشیانمان میرات کردووە.

- نا بۆ خاوەندارێتی، بەهۆی خاوەندارێتییە کە جەنگ و فیتنە و ستەم هەیە.

---

[٥] ( سیجی) بەرپرسی دەزگای کار بوو هەروەها ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسی بوو لە ساڵی ١٩٦٨.

- هێشتا کارەکەمان تەواو نەبووە.

- ئەوانەی لەم شۆڕشەدا دەرگاکانیان دادەخەن ترسنۆکن و دوژمنن.

- ئەوانەی نیوە شۆڕش دەکەن، بە دەستی خۆیان گۆڕی خۆیان هەڵدەکەنن.

- ژیان بگۆڕن بەوەی کە چۆنییەتی ژیانکردنتان بگۆڕن.

- پۆلیس لە سەرتان دەربکەن.

- ئەوانەی باسی شۆڕش و ململانێی چینایەتی دەکەن بەبێ ڕەچاوکردنی واقیع زمانیان مردووە.

- تەنها شۆڕشگێڕێک هەبێت، مەسیحە.

- جەنگ باوکی هەموو شتێکە.

- لە سایەی مینبەردا ناتوانیت ئازادانە بیر بکەیتەوە.

- ململانێ لە دژی مامۆستا خراپەکان ئەوەیە کە تۆ پرسیارەکانی تاقیکردنەوە دابنێیت.

- کۆنزەرڤاتیڤ(پارێزخوازی) واتە بۆگەنی و ناشیرینی

- تا زیاتر بەرخۆر بن، کەمتر دەژین.

- بەرپاکردنی شۆڕش واتە شکاندنی هەموو کەلەپچەکانی ناخ.

- هەڤاڵ ڕابکە، ئەوەی لەدواتەوە جێی دەهێڵێت جیهانی کۆنە.

- هەڤاڵ ڕابکە، حیزبی کۆمۆنیستی لەدواتەوەیە.

- ڕابکە گەمژە، خاوەنکار چاوەڕێتە.

- خولقاندنی مردن واتە خولقاندنی ژیان.

- کولتوور دژە ژیانە. بڕووخێ کولتوور.

- لە شۆڕشدا دوو جۆر کەسان هەن: ئەوانەی دروستی دەکەن و ئەوانەی لێی دەخۆن.

- لە جامخانەی دوکان و مارکێتەکاندا، چاو بە تەنها کاڵا و نرخ دەبینێت.

– لەو ڕێگایانە سەرکێشی بە هەنگاوەکانت بکە کە کەسی پێدا نەڕۆشتووە و لەو بوارانەشدا کە کەس بیری لێ نەکردۆتەوە سەرکێشی بە سەرت بکە.

– ڕابن ئەی ئەشکەنجەدراوانی زانکۆ.

– قۆپەچی سەرتان بە هێندەی قوپچەی پانتۆڵەکانتان بکەنەوە.

– با مەسیحیەت لە زانکۆی سۆربۆن دامالین.

– ئەوە دە ڕۆژ لە خۆشی تێپەڕی. [دوای دە ڕۆژ لە خۆپیشاندان]

– حەزکردن شتێکی باشە، بەڵام حەزەکانت بکەیتە واقیع ئەوە باشترە.

– ئەی خودا: گومانم هەیە ڕۆشنبیرێکی چەپ بیت.

***

لەدوای یەک مانگ لە بەگژداچوونەوە لەنێوان خوێندکاران و کاربەدەستانی زانکۆ بەڕێوەبەرێتی زانکۆی "پاریس" کە ئێستا ناوەکەی گۆڕدراوە بۆ زانکۆی "لادیفوس" داواکاری خوێندکاران بێ ئەنجام مایەوە.

لە ڕۆژی ١٩٦٨/٥/٣ خوێندکاران گردبوونەوەیەکیان لە حەرەمی زانکۆی "سۆربۆن"دا ئەنجام دا بۆ نارەزایەتی دەربڕین لەسەر هەوڵی دەرکردنی چەند خوێندکارێک لە خوێندن، بەڵام پۆلیسی فەرەنسی زۆر بە توندی گردبوونەوەکەیان بڵاوە پێ کرد.

لە ڕۆژی ١٩٦٨/٥/٦ یەکێتیی خوێندکارانی فەرەنسی کە تا ئێستاش گەورەترین یەکێتیی خوێندکارانە لە فەرەنسا لەگەڵ یەکێتیی مامۆستایانی زانکۆی فەرەنسی داوای ڕێکخستنی ڕێپێوانێکی نارەزاییان کرد و ئەوەبوو زیاتر لە بیست هەزار خوێندکار و مامۆستا بەرەو "سۆربۆن" بەڕێ کەوتن، بەڵام پۆلیس ڕێگەکەی گرتبوو و بە دار و گازی فرمێسکرێژ لە خوێندکارەکانیان دا، ئەوە بوو خوێندکارانیش لەبەرانبەردا ئەوەی لەبەردەستیان بوو ڕێگاکانیان پێ گرت و بە بەرد وەڵامی پۆلیسیان دایەوە و پۆلیس پاشەکشەی کرد. دواتر پۆلیس هێرشی کردەوە و بە سەدان خوێندکاریان دەستگیر کرد.

سەندیکا و قوتابی قوتابخانە ناوەندییەکانیش چوونە پاڵ خۆپیشاندانەکان ڕۆژی دواتر سەندیکای کرێکارانیش چوونە خۆپیشاندانەکانەوە و ئەم داواکارییانەیان بەرز کردەوە:

١. دەبێت هەموو تۆمەتە تاوانکارییەکان لە ئەستۆی خوێندکارە دەستگیرکراوەکان لاببرێن.

٢. دەبێت پۆلیس لە حەرەمی زانکۆ بچێتە دەرەوە.

٣. دەبێت کاربەدەستان هەردوو زانکۆی (نانتیر و سۆربۆن) بکەنەوە.

بەڵام حکومەت داواکارییەکانی جێبەجێ نەکرد، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە خوێندکاران زیاتر تورە بن و داوای ڕاپەڕین و شۆڕشیان کرد.

لە ١٩٦٨/٥/١٣ سەرەڕای جیاوازی داواکارییەکان لەنێوان خوێندکاران و کرێکاران خۆپیشاندانەکان گەیشتە کارگەکانیش، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر لە دووسەد هەزار کرێکار مانیان گرت ئەمەش پەرەی سەند بۆ مانگرتنی سەرجەم بوارەکانی ئابووریی فەرەنسی و فەرمانبەران و پیشەسازی و یەکەی خزمەتگوزارییەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی تری گرتەوە، خوێندکاران بینای زانکۆکانیان گرت و مانگرتنەکان سێ بەشی کەرتی کرێکاری لە وڵاتدا گرتەوە.

**بەشی دووەمی دروشمەکان**

- گوتار- دژە شۆڕشە.

- مافی ژیان دەسەندرێت و نادرێت.

- مادام ئابووری بریندارە با بمرێت.

- لە هەموو شوێنێک بنووسن.

- ئەوەی پەروەردە کردن دەکات، دەبێت خۆی پەروەردە بکرێت.

- هەڵبژاردن، داوە بۆ گەمژەکان.

- دەبێت ئازادیی مرۆڤ ڕەها بێت، نەک بەش بەش.

- تفەنگەکەت بە دەستەوە بێت و خۆشەویستیش لە دڵی خۆتا دەرمەکە.

- دوژمنی بزووتنەوەکەمان گومانە، ئەوەی بەدەستی دەهێنین لە خۆڕسکەوەیە.

- کۆڵدان دژی شۆڕشە.

- قین لەدڵ بن و تورە.

- بە هیچ جۆرێک پەشیمان مەبنەوە.

- ئەی ئومێد کۆڵ مەدە و زیاتر وەرە پێش.

- ئەو کەســەی کە دەزانێت توانای بەگەڕخســتنی ژیانی خۆی نییە و هیچ دەســەڵاتێکی نییە کەسێکی پرۆلیتارە.

- ئایا ئێوە بەرخۆرن یان بەشدارن.

- ئەو کەسە ئازادە کە ئێستا لە خۆپیشاندانەکاندایە.

- کەسی کۆنەپارێز نایەوێت گۆڕان ڕووبدات.

- قەناعەت بەوەی کە هەژارین مانای ئەوە نییە کە دەوڵەمەندین.

- چی دەبێت ئەگەر سۆربۆن بسووتێنین.

- دەوڵەت بریتییە لە هەموو یەکێک لە ئێمە.

- خوێندکاران گەمژەن.

- پێداگری واتە داهێنان.

- پێداگری چەکە.

- تاقیکردنەوەکان یەکسانن بە ملکەچی و، کۆمەڵگەی هیرارکی.

- با سودفە ئەزموون بکەین.

- ئاگات لە گوێت بێت دیواری هەیە[٦].

- خۆشەویستی و سێکس بکەن و دەست پێ بکەنەوە..

- شەرم لە نیازە گڵاوەکانتان بکەن.

- بە ئاگر سەر دەکەوین.

- زانکۆ کۆتایی هات.

- لە ناخی هەریەک لە ئێمەدا پۆلیسێک خەوتووە، دەبێت بیکوژین.

[٦] لە کوردیدا دەڵێین، ئاگات لە دیواربێت گوێی هەیە. دوو مانای زۆر جیاوازن ، مانای ڕستەی یەکەم ئەوەیە کە ڕەخنە قبوڵ بکەیت، مانای ڕستەی دووەم ئەوەیە کە سیخوڕ هەمیشە هەیە.

- دارستان پێش مرۆڤ هەبووە لە دوای مرۆڤیش بیابان دەبێت.

- گرنگی بە سنوور مەدەن.

- کرێکار بەبێ کار تێک دەشکێت .

- مرۆڤ کێوی نییە (**ڕۆسۆ**)[7]ی شیرین، مرۆڤ لادەری دین نییە ئەی (**ڕۆشفوکۆ**)[8] بەڵکو مەۆڤ دڕندەیە، کاتێک ستەم دەکات و پەپولەیە کاتێک خۆشەویستی دەکات.

- مرۆڤ نە گەمژەیە نە ژیرە، مرۆڤ یان ئازادە یان کۆیلەیە.

- مرۆڤ دەکرێت بە پۆلیس، بە بلۆک، بە لام ناکرێت بە مرۆڤ.

- هیچ کات مرۆڤایەتی کامەران نابێت هەتا دواهەمین سەرمایەدار بە ڕیخۆڵەی دواهەمین چەپرەو لە دار نەدرێت.

- هیچ کات مرۆڤایەتی کامەران نابێت هەتا دواهەمین سەرمایەدار بە ڕیخۆڵەی دواهەمین بیرۆکراتیەک لە سێدارە نەدرێت.

- لێرە ئێمە هەڵەشەیی خۆمان دەکەین.

- زۆر بە ئازارە بەرگری لە دەسەڵاتداران بکەین و لەوەش خراپتر خۆمان هەڵیانبژێرین.

- قەدەغە قەدەغەیە.

- مرۆڤ دەبێت لەناخی خۆیدا فەوزایەکی هەڵگرتبێت تا بتوانێت ئەستێرەیەک پێشکەش بە جیهان بکات. (**نیتشە**)

- دەبێت بە شێوەیەکی میتۆدیانە سودفە بدۆزینەوە.

- هیچ بیرێکی شۆڕشگێری نییە تەنها کردەوەی شۆڕشگێری هەیە.

- لەمەودوا دوو جۆر لە گەنجان هەن چوارپێ و شۆڕشگێڕ، لە کاتی هاوسەرگیریشیاندا شۆڕشگێڕی چوارپێیان دەبێت.

- پەروەردەکردن سانسۆرە.

---

[7] مەبەستیان لە وتەیەکی (ژان ژاک ڕۆسۆ)ی فەیلەسوف و کۆمەڵناسی فەرەنسییە
[8] مەبەستیان لە وتەیەکی (ڕۆشفوکۆ)ی نووسەری فەرەنسی سەدەی حەڤدەیە

- ئەگەرچی هەموو گوڵەکان دەبڕن بەڵام ناتوانن ڕێ لە هاتنی بەهار بگرن.

- لە فەرەنسا سی و هەشت هەزار کۆمۆنە هەیە کەچی هێشتا ئێمەی خوێندکار پلە دووین.

- نەهێشتن قەدەغەیە، ئازادی بە قەدەغە دەست پێ دەکات: ئەویش بە قەدەغەکردنی دەستکاری ئازادیی ئەوانی تر دەبێت.

- بێڕێزیکردن بە شتە کۆنەکان چەکی نوێی شۆڕشە.

- خەیاڵ دەسەڵاتی داگیر کردووە.

- خەیاڵ خۆی دەشارێتەوە.

- خەیاڵ بەهرە نییە بەڵکو بابەتێکە بۆ جیاوازی. (**ئەندری بریتۆن**)

- لادانی سێکسی نوێ دروست بکەن ئیتر من ناتوانم.

- شتێکم هەیە دەمەوێت بیڵێم، بەڵام نازانم چییە.

- حەزم بە نووسینی سەر دیوارەکان نییە.

- بێزارم لە کۆمەڵگە، کۆمەڵگەش باش ئەمە دەزانێت و زیاتر بێزارم دەکات.

- هیچ نازانم جگە لە نووسین، دەشمەوێت شتی جوان بڵێم بەڵام نازانم.

- من خزمەتکاری کەس نیم تەنانەت خزمەتکاری گەلیش نیم، گەل خۆی خزمەتی خۆی دەکات.

- من بەشدارم، تۆ بەشداریت، ئەو ئێمە ئێوە بەشدارن.

- من دەفرم چونکە حەشیشم کێشاوە.

- حەزەکانی خۆم بە شتێکی واقیعی دەزانم ، چونکە بڕوام بە واقیعی بوونی حەزەکانم هەیە.

- حەز دەکەم گەمژەیەکی دڵخۆش بم.

- من مارکسیم سەر بە بزووتنەوەی "گرۆشۆ"[٩].

- هاتم و بینیم و بڕوام کرد.

- وەک بەرد بڵێ خۆشم دەوێی.

- هەر کچە قژ سوورەکان جوانترن.

- گەنجەکان سێکس دەکەن و پیرەکانیش ئاماژەی بێشەرمانە دەدەن.

- هەر ئێستا و لێرەدا ڕابوێرن.

- بەبێ لەمپەر ڕابوێرن، لە زەمانی مردوودا مەژین، بەبێ فێڵ سێکس بکەن.

***

لەدوای ڕووداوەکان، هەستی شۆڕشگێڕانەی خوێندکاران خامۆش بووەوە و ئەو کرێکارە مانگرتووانەش کە پۆلیس لە کارگەکان دەری کردبوون چوونەوە سەر کارەکانیان و یەکێتیی خوێندکارانی فەرەنساش کۆتایی بە خۆپیشاندانەکان هێنا و حکومەتیش هەندێک لە ڕێکخراوە چەپەکانی یاساغ کرد و پۆلیس لە ڕۆژی ١٩٦٨/٦/١٦ زانکۆی سۆربۆنی گرتەوە.

حیزبەکەی (دو گول) بە پێچەوانەی ترسەکانی، زۆرترین دەنگی لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکاندا هێنا لە مێژووی فەرەنسادا و لە کۆی (٤٨٦) کورسی (٣٥٣) کورسی بەدەست هێنا، بەرامبەر بە (٣٤) کورسی کۆمۆنیستەکان و (٥٧) کورسی بۆ سۆشیالیستەکان.

**بەشی سێیەمی دروشمەکان**

- با ئاژەڵی (گا) لە ڕەنگی سوور بترسێت و ئاژەڵی ساتلینیش لە ڕەنگی ڕەش بترسێت.

- فرمێسکی داخ لەدڵان هەلاڵەی خودایین.

- ئازادی واتا درک کردن بە پێویستی.

- ئازادی تاوانی هەموو تاوانەکانە، ئازادی تەنها چەکی ئێمەیە.

---

[٩] گرووپێك گەنجی ماركسی ئەمەریكی بوون تەوژمێكی ماركسییان دانا بەناوی تەوژمی "گرۆشۆ"

- ئازادی واتا مافی بێدەنگ بوونت هەبێت.

- ئازادیی ئەوانی تر ئازادیی منیش زۆرتر دەکات.

- ئازادی شتێک نەبوو کە پێشتر هەمان بێت، بەڵکو ئازادی ئەو شۆڕشە بوو کە یاسا و شەریعەتەکان و لایەنگیرییەکان و نەزانی نەیانهێشت بەدەستی بهێنین.

- با تێبکۆشـــین تا پیاوســـالارەکان بە بیانووی ئەوەی کە ئێمە ســـۆز لاوازی کردووین نەبێتە ڕێگری لە ئازادیمان، ئەنجومەنی ئازادی ژنان.

- مامۆستاکانتان تۆمەتبار بکەن.

- کاڵا بسووتێنن.

- کاڵا ئەفیونی گەلانە.

- خۆشەویستی بکەن نەک جەنگ.

- ئەگەر خودا هەشبوایە، دەبوایە بکوژرایە.

- ئارەزووەکانم واقیعی خۆمن.

- پۆلیسەکان بە ئوتومبێلەکانتان بشێلن.

- ئەی ملیۆنێرەکانی جیهان یەکگرن قازانج ڕێڕەوی خۆی گۆڕیوە.

- مردن بۆ خەمساردەکان.

- مردن شۆڕشێکی پێچەوانەیە.

- بزووتنەوەکان هاوسۆزی دەکوژن.

- ســروشــت بۆ ئەوە دروســت نەبووە خزمەتکار یان ســەرداری ئێمە بێت، بۆیە منیش حەز ناکەم نە یاسا دەربکەم نە یاساشم بەسەردا بسەپێنن.

- با بەکاربەرانی ژیان نەگۆڕین بەڵکو، بەکارهێنانی ژیان بگۆڕین.

- با مارکس نەخۆین.

- ئازادم مەکە، من خۆم خۆم ئازاد دەکەم.

– ئیدی باڵابەر( ئەسانسۆر) بەکار مەهێنن خۆتان دەسەڵات بگرنەدەست.

– هەرگیز کار مەکەن.

– (گوو) بار مەکەن، بەڵکو بە دەسەڵاتدارانی باربکەن.

– نەهلیزم دەبێت لە خودی کەسەکەوە دەست پێ بکات.

– نە سەردار و نە خودا، بەڵکو من خودام.

– نە خودا! نە سەرۆک! نە دەوڵەت! نە خاوەنی کار! بەڵکو دیموکراسیی ڕاستەوخۆ و بەڕێوەبەریتی خۆسەر.

– نە ڕۆبۆت و نە کۆیلە.

– نا بۆ شۆڕشێک بە بۆیمباخەوە بکرێت.

– هیوای ئێمە تەنها لە کەسە بێهیواکانەوە دێت.

– چەپی فەرەنسی لە مێژوو کۆنترە.

– پشووی ڕاستەقینەی ئێمە ئەوکاتە بوو کە بەبێ بەرانبەر ڕێپێوانەکانمان دەبینی و دەمانتوانی ئازادانە لە ناوەڕاستی شەقامەکاندا ئاگر بکەینەوە بەبێ ئەوەی پۆلیس ڕێگریمان بکات.

– جیهانێکمان ناوێت نەمر بین تیایدا و بێزاری بمانکوژێت.

– ئێمە دڵنیاین کە چیتر ٢+٢ ناکاتە چوار.

– ئێمە هەموومان حەزپێنەکراو و نەویستراوین.

– دەمانەوێت سیستمێک بین بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی نەک مرۆڤێک بین بۆ خزمەتی سیستم.

– دەمانەوێت چێژ لە ژیان ببینین نەوەک ئازار و مەینەتی.

– موزیکی ڕۆکمان دەوێت و زوو بڕوات، دەمانەوێت نوێکاری بکەین،: و نەچینە ئاهەنگە مۆســـیقاییەکان و کۆبوونەوەی دەنگ بەرزەکان و گرووپە توێژینەوەکان، دەمانەوێت مافی نووسەر نەهێڵین، و دەنگ هی هەمووکەسێکە.

– دەمانەوێت بژین.

– پێداگری شۆڕشە و حەقیقەتیش شۆڕشە.

– گوێڕایەڵی لە ئاگاییەوە دەســـت پێ دەکات و ئاگاییش لە یاخیبوونەوە دەســـت پێ دەکات.

– کارگەکان داگیر بکەن.

– نەهێڵیت دڵخۆشییەکەت بکڕن بەڵکو خۆت دڵخۆشی خۆت بدزە.

– چیتر کاتێک بۆ نووسین نەماوە.

– نە درۆ ڕەش دەبێتەوە نە حەقیقەت.

– داوای هیچ ناکەین بەڵکو خۆمان ئەوەی بمانەوێت دەیبەین.

– هەو ئەوشتانەی فێری بوون لە یادی بکەن، خەون ببینن.

– یان دەبێت دەســـت بگرن بەســـەر هەموو کارگەکان و ئۆفیســـەکان و بانکەکان، یان دەبێت ون ببن بەبێ ئەوەی هیچ شـوێنەوارێک بەجێبهێڵن، شـۆڕش پێویسـتی بە پارەیە، ئێوەش پێویســـتتان بە پارەیە، بچنە ســـەر بانکەکان خۆتان ڕێک بخەن بەڵام حیزب دروست مەکەن. (**بانی و کلاید**)

– پەنجەری دڵتان بکەنەوە.

– با دەرگای زیندانەکان و پەناگەکان و زانکۆکان بشکێنین.

– هەرچەند ئێستا تەمبەڵی تاوانە، بەڵام مافیشە.

– خۆتان شەقامەکان پاک بکەنەوە پێویست ناکات بە ژنانی کارگوزاری بکەین.

– ئازادی نییە بۆ ئەوانەی کە دژی ئازادین.

- نا بۆ چارەسەری کاتی چونکە سیستمەکە خۆی بۆگەنە.

- خاوەن کار پێویستی بە تۆیە، تۆ پێویستت بە خاوەن کار نییە.

- بیری کۆن بۆگەن دەکات.

- بە یەکە بیر بکەینەوە، نەک بە یەکەوە پاڵ بنێین.

- نانی بەیانی سکی برسی ئەمڕۆم تێرناکات.

- لە ڕیفراندۆمدا گەر بڵێیت بەڵێ یان نەخێر لە هەردووکیاندا هەر گەمژەیت.

- هەتا زیاتر خۆشەویستی بکەیت، زیاتر شۆڕش دەکەیت، هەتا زیاتر شۆڕش بکەیت زیاتر خۆشەویستی دەکەیت.

- شیعر لەسەر شەقامەکان باشە.

- سیاسەت لەسەر شەقامەکان باشە.

- پێش ئەوەی پرسیار لەو کۆمەڵگەیە بکەین کە تیایدا دەژین، دەبێت پرسیار لە خودی خۆمان بکەین.

- دەسەڵات زانکۆی هەبوو، خوێندکاران لێیان سەندەوە، دەسەڵات کارگەی هەبوو، کرێکاران لێیان سەندەوە، دەسەڵات تیڤی و ڕادیۆی هەبوو، ڕۆژنامەنووسان لێیان سەندەوە، دەسەڵات تەنها دەسەڵاتی ماوە لێی بسەننەوە.

- دەسەڵات لەسەر لولەی تفەنگە، ئایا تفەنگ لەسەر لولەی دەسەڵاتە.

- تۆ خۆت دەسەڵاتت بەسەر ژیانی خۆتا هەیە نەک دەسەڵات.

- گرنگی بە شۆڕش بدەن نەک بە خۆتان.

- ئەی وانەبێژانی زانکۆ ئێوەش دەتانەوێت ئێمە وەک خۆتان پیر بکەن.

- کاتێک پەرلەمان دەبێتە شانۆیەکی بۆرجوازی، ئەوکاتە دەبێت هەموو بینای شانۆ بۆرجوازییەکان ببنە بینای پەرلەمان.

- کاتێک ستەم دەبێتە یاسا ئەوا شۆڕش دەبێتە ئەرک.

- ئایا، بە لە سـێدارەدارەدانی دواهەمین زانای سـۆسـیۆلۆژ بە ڕیخۆڵەی دواهەمین بیرۆکراتی هیچ کێشەیەکمان دەمێنێت.

- کاتێک بە پەنجەت ئاماژە بۆ مانگ دەکەیت، گەمژەکان سـەیری پەنجەت دەکەن نەک مانگ. ( **پەندێکی چینی**).

- باسکردنی خۆشەویستی، خۆشەویستی دەکوژێت.

- سەیری کارەکەت بکە، دەبینیت پڕە لە ئازار و ئەشکەنجە.

- ڕێز ون دەبێت، بەدوایدا مەگەڕێن.

- ئەوکاتە شۆڕش دەوەستێت کە پێویست بکات گیانی خۆمانی بۆ بەخت بکەین.

- ئەو شۆڕشـەی کە داوای خۆ بەختکردن دەکات شۆڕشێکی (پاپا)ییە. [واتە شۆڕشێکی دینی و ئایدیۆلۆژییە].

- نامەوێت لەو کاتەدا ژیانم لەدەست بدەم ئەوکاتەی کە بەدەستی دەهێنم.

- شۆڕش پێشنیارە.

- شۆڕش دەبێت لەناخی کەسەکاندا دروست بکرێت نەک لە شتەکاندا.

- کەس باوەڕ بە شۆڕش ناکات، چونکە شۆڕش حەقیقەتە.

- تەنها شۆڕشی پرۆلیتاری شۆڕشێکی فیکری باڵایە.

- موقەدەس دوژمنە.

- ئەگەر لە بری ئەوانی تر بیر بکەنەوە ئەوا ئەوانی تر لە بری ئێوە بیر دەکەنەوە.

- هەموو مامۆستایەک فێرخوازە و هەموو فێرخوازێک مامۆستایە.

- هەمووشتێک دادائیزمە[١٠].

[١٠] دادائیزم بزوتنەوەیەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بوو لە ساڵی ١٩١٦ لە سویسرا سەری هەڵدا گومانی لە هەموو شتێك دەکرد.

- هەر بینینی شتێک بینینێکی نامۆ نەبێت ئەوا ئەو بینینە ساختەیە. (**ڤالێری**)

- هەموو دەسەڵاتێک گەندەڵە، دەسەڵاتی ڕەهاش گەندەڵی ڕەهایە.

- هەموو دەزگایەکی چاکسازی، هەلپەرستە.

- ئەی کرێکار تەمەنت ٢٥ ساڵە، بەڵام سەندیکاکەت لە سەدەی پێشووە.

- وا بای ڕەش هەڵدەکات پێویستە ژیان تاقی بکەینەوە.

- ژیان لە جێیەکی ترە.

- مشکەکوێرەی مێژوو، دیسانەوە سۆربۆن دەخواتەوە.

- ئەو شتە لەناو بەرن کە ڕەنگە ڕۆژێک کاری ئێوە لەناو بەرێت. (**مارکیز دو ساد**).

- بژی ئەنجومەنی کرێکاری لەهەموو بوارەکانی ژیاندا..

- لە ئێستادا بژین.

- ئێوەش دەتوانن بفڕن.

- ئێوە بۆشن.

- ئێوە دژی هێزێک وەستاونەتەوە، ئاگاداربن با نەبێتە شەڕی ناوخۆ.

- دواجار تەنبەڵی و پشووودان هەمووتان دەکوژێت.

- دیوارێکی سپی واتە گەلێکی لاڵ.

- کاتێک باوکەکان دەنگ دەدەن کوڕەکان پێک دەخۆنەوە.

- ئەمە تەنها سەرەتایە و بەردەوام دەبین لە جەنگ و تێکۆشان.

- با تیڤییەکان دابخەین و چاومان بکەینەوە.

- پۆلیس هەموو شەوێک لە کاتژمێر هەشت لە تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆوە قسە دەکات، گوێیان لێ مەگرن.

- سۆربۆن هی ئێمەیە.

- ئێمە دەسەڵاتین.

- ویستی گشتی نەک ویستی ژەنراڵ. [مەبەستیان ژەنراڵ دو گولی سەرۆک کۆمارە]

- من دڵم بە بەردی سەرشەقامەکان خۆشە.

- پلەبەندی وەک چەکمەجەی کەنتۆر وایە  تا بەرز بێتەوە، سوودی کەمتر دەبێتەوە.

- دانوستان فێڵە لە ئێمەی دەکەن.

- ڕابن ئەی ستەم لێکراوانی نانتیر. [نانتیر؛ زانکۆیەکی فەرەنسی بوو].

- ئەی داخ لەدڵان لەسەرانسەری وڵات یەکگرن.

- لە وڵاتی ئێمە فەرەنسییەکان حەماڵن و کۆچبەران یەکگرتوون.

- هونەر نیرۆیەکی ئەکادیمییە.

- سۆزەکانتان ئازاد بکەن هونەر زمانە.

- نێگەتیڤ بوون بوەستێنن.

- گەنجەکان لە خومارییەکی بەردەوامدان و ئەقڵیان تای لێهاتووە.

- بۆ ئەوەی واقعی بین دەبێت ژیان ئەبستراکت بکەین ئەگەرچی دوایی ژیانیش بخەینەوە پێکهاتی بابەتەکانەوە.

- بڕووخێت خۆرهەڵاتناسی فانتازی نوێ.

- نە سەردارمان دەوێت نە سەرۆک.

- ژیانیان لێ زەوت کردین و دوایی کەتەلۆکێکی بەکارهێنانی ژیانیانیان بۆ دروست کردنین.

- (دو گول) تۆپەڵێک پیسایيە و لە کۆشک دانیشتووە.

- ئێمە لەگەڵ (**مارکۆزە**)داین، لەپێناو کۆمەڵگەیەکی نوێ سیخناخ بە ئۆرگازم.

- کاتێک جەماوەر فیکرێک پەسەند دەکەن ئەو فیکرە دەبێتە هێزێکی ماددی. (**مارکس**)

- باشترە بە بەردی شەقامەکان بمرم نەک بێ ئیشی بمکوژێت.

- ئەبەدییەت زمانی نییە.

- ئەی پۆلیســی ئاژاوە ئێوە بەکرێگیراو و خائینن، هەمیشــە ئەو خەڵکەی کە ئێوە لێیان دەدەن زۆر باشترن لەوانەی کە فەرمانتان پێ دەکەن.

سەرچاوەکان:

https://ar.wikipedia.org/wiki/أحداث_مايو_١٩٦٨_في_فرنسا

ویکی پیدیای عەرەبی